سەماحەتی حەکیم ستایشی دەزگا ئەمنییەکان دەکات و دووپات دەکاتەوە کە پێشینە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و لەناوبردنی مادەی هۆشبەرە



بەڵێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەکاتی پێشوازی کردنی لە بەڕێز عەبولئەمیر ئەلشەمماری وەزیری ناوخۆ ستایشی ئەرکی هێزە ئەمنییەکانی کرد لەکاتی بەڕێوەچوونی لووتکەی عەرەبی لە بەغدا و هیوای خواست زیاتر وڵاتی عێراق بەدەر بخەن وەك دەوڵەتێك کە توانای دابین کردنی ئەمنیەتی بۆنە گەورەکانی هەبێت.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پێشینەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت پێویستە پتەوکردن و پێشخستنی بۆئەلکترۆنی کردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای تازە بێت لە کارەکان، گوتیشی وەزارەتی ناوخۆ هاوبەشکی سەرەکییە بە هاولاتی لەڕێژی لەدایك بوونی تا ڕێژی کۆچی دوایی ئەوش وا دەکات کە لەگەڵ پێشکەوتنی جیهانی بڕەین، گوتیشی پێشخستنی کەرتی فریاکەوتن و پتەوکردنی تواناکانی هاوکاری مرۆیی پێویستە ببێتە پێشینەی کارەکانی وەزارەت و ئاماژەی کرد کە پێویستە لە بواری فراکەوتنی خێرا کاتی بەپەلە لەرووی کاتەوە زیاتر ڕێچاوی خێرایی کارەکە بکەن.

سەبارەت بەدەسەڵی مادەی هۆشبەر، بەڕێز حەکیم داوای کرد ستراتیژیەتێکی هاوسەنگ پەیڕەوی بکەن کە جیاکاری هەبێت لەنێوان ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێت کە پێویستیان بە پرۆگرامی تایبەتی چارەسەرکردن هەیە لەگەڵ ئەو کەسەی بازرگانی پێوە دەکات.

لەکۆتاییدا سەماحەتی باسی دادپەروەری پرسەی هەڵبژاردنی کرد و دووپاتی کردەوە کە ڕێی جێزگا ئەمنییەکان دەبێت دابین کردنی کەشێکی پڕ لە ئاسایش بە هاولاتیان تا بە ئازادی بژاردە و خواستەکانیان دەربڕن.